
chalakmuhamad@gmail.com

# لە کۆچی بێوادەی کاک ئازاد مستەفادا

**(١٩٤٨-١٩٨٩)**



لەم ئاسمانە تار و تەمووستە چاوەدا،
کە نە کەژ دیارە و نە لووتکە،
ئەستێرەی ئامۆمان هەڵهات،
لەم شەوگارە نەبڕاوەی باکوورەدا،
باڵایەک گڕ،
لەناودڵی غەریبماندا،
بوو بە مەشخەڵێ بۆ وڵات.

سەر لە بەیانیی ڕۆژی ١٩٨٩/٣/١٩ لە نەخۆشخانەی «کارۆلینسکا - ستۆکهۆلم» دڵە گەورەکەی کاک ئازاد مستەفا، ئەو دڵەی کە پڕ بوو لە خۆشەویستیی کوردستان و مرۆڤی کورد، لەم غەریبی و دوورەوڵاتییە لە لێدان کەوت.

ئەوانەی کاک ئازادیان لە نزیکەوە ناسیوە و لەگەڵی دواون و دۆست و ئاشنای بوون، دەزانن کە بزووتنەوەی کوردایەتی، بە ماڵئاوایی و کۆچی ئەم ڕۆڵە جوامێرە شەهیدەی چ زیانێکی گەورەی لێدەکەوێ.

کاک ئازاد یەکێک بوو، لەو مرۆڤە تێکۆشەر و دڵسۆز و ورەبەرزانەی، کە هەموو تەمەنی خۆیی بۆ مەسەلەی نەتەوەکەی تەرخان کردبوو، مرۆڤێکی ڕووناکبیرو بەردەوام بەئاگای ژیانی سیاسی و کولتووری بوو، سیاسییەکی لێهاتوو و چاوکراوە و بەکێشمان بوو، چاک لە مێژوو و واقیعی تاڵی باری نەتەوەکەی گەیشتبوو، دیراسەی بزووتنەوەی کوردایەتیی لەم سەدساڵی داگیرسان و گەشەسەندنەیدا کردبوو، لای ڕوون بوو، کە چەند قۆناخێکی لێ دەرچێ، جووڵانەوەکە لە ئاست ئەرکی مێژوویی خۆیدا نەبووە و نییە...

کوردایەتییەکی بەرفراوانی دیموکراتانە، سەرچاوەی لەبن نەهاتووی بیری کاک ئازاد بوو... هەر لەسەر دەستی ئەم و هاوبیرەکانیشیدا، چالاکی سیاسی و پراکتیکیی بیری نەتەوەیی ئەزنەکێکی بەخۆی دا و هەنگاوێک چووە پێشەوە و تەنانەت لەو بارە ئاڵۆز و ناهەموارەی ساڵانی ڕابوردووی کوردستانیشدا توانی نەک هەر شوێن پێی خۆی بکاتەوە، بەڵکو بەو قەوارە و هێزە کەمەشییەوە، هەندێ لە دروشمەکانی بکاتە دروشمی سەرجەم گۆڕەپانی کوردستان.

کاک ئازاد سەرەڕای خۆتەرخانکردنی تەواوی بۆ خەباتی سیاسی، قەڵەمێکی بە پێزی هەبوو، شارەزایەکی باشی دنیای ئەدەب بوو. لە سەرەتای حەفتاکانەوە بە نازناوی (چاوێک) و (هەڤرێست)ەوە لە ڕۆژنامەی «برایەتی» دا گەلێ نووسین و وتاری بڵاوکردۆتەوە. دەتوانرێ ئەمە بە سەرەتای ڕوونبوونەوەی ئاسۆی بیری نەتەوەیی ئەو لە قەڵەم بدرێت. لەو ڕۆژگارەدا گۆشەنیگای سیاسیی کاک ئازاد خەریکی خۆ مشت و ماڵ کردن بوو و شەقڵێکی تایبەتی و دیاری وەردەگرت. دواتر ئەگەر چاوێک بە بەرهەمەکانی کاک ئازاد و ئەو چاپەمەنییانەدا بخشێنین، کە چراوگی بیری کاک ئازاد ڕۆشنی دەکردنەوە، کە خامەکەی ئەو دەیخستنە سەر لاپەڕەی تەواونەبووی مێژووی نەتەوە ستەم دیدەکەمان - هەڕەت و جۆش و خرۆشی بیری کوردایەتی و ئامانجی بە ڕاشکاوی دەربڕاویمان بۆ دەردەکەوێ، کوردییە ڕەوانەکەی ئەو، زاخاوی بیرمان دەداتەوە.

ئێمەی بە سەد نەلاکەت دەرکەری ئەم گۆڤارە، ئەندامی حیزبەکەی کاک ئازاد و هیچ حیزبێکی دی نین، بەڵام لە سیمای ئەودا مرۆڤێکمان دەبینی، کە ئەگەر مەرگ مۆڵەتی بدابایە، سوودی گەورەتری بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی دەبوو... لە هەڵس و کەوت و هاوڕێیایەتی لەگەڵ ئەودا ڕەوشتی بەرزیمان دەبینی، ئەوەندە مرۆڤێکی بە ویژدان و دڵفراوان بوو، هەموو قسە و هەڵوێستێکی خۆیی زۆر ورد و بەوپەڕی ئینسافەوە دەردەبڕی...

کاکە ئازاد! خۆ ئەوە ئارامی لەبن نەهاتوو و ورەی بەرزی کوردانەت، نەک هەر ئێمە، بەڵکو پزیشک و کەسانی ئەو نەخۆشخانەیەشی سەرسام کردبوو. هەموو باسیان لە دڵە گەورەکەی تۆ، لە خۆگری و جوامێریت دەکرد... لەو کاتانەشدا کە ئازاری سەختی نەخۆشیی «شێرپەنجە» زۆری بۆ دەهێنای، هەر بە ڕووی خۆش و هێمنییەوە پێشوازیی میوانەکانت دەکرد، هەر خەریکی باس و خواس و نووسین و خوێندنەوە بووی... ئەگەرچی ڕاست و ڕەوان هەواڵی مەرگیشیان پێ دابووی، بەڵام تۆ هەر کاک ئازادەکەی جاران بووی.

کاکە ئازاد! چەندت پیاهەڵبڵێین و باسی ڕێز و خۆشەویستیمانت بۆ بکەین، هێشتا کەمە، ئەمەش وەنەبێ پیاهەڵدانی ڕۆژهەڵاتییانەی کۆچکردووان بێ، چونکە لامان وایە، تۆ یەکێکی لەو ڕۆڵە پێشڕەوانەی کە لە ویژدان و یادی نەتەوەکەتدا نەمر دەبی... هیچ کەسێکی بە ویژدانیش ڕایەکی ئەوەی ناکەوێ، سەرکۆنەی ئەم خۆشەویستییەمان بکات، مەگەر تۆ دڵدارێک نەبووی، ئایە و مایەت هەر خەبات و گیران و پێشمەرگایەتی و خۆشەویستیی کوردستان بووا ژیانی شەخسیی خۆتت خستبووە لاوە و وەک هەموو تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە، باری ناڵەباری وڵات ناچاری کردبووی دوور لە هاوسەر و کۆشێ منداڵی ژیر و ئێسکسووکت بژیت... هاوسەریشت وەک یەکێ لەو شێرەژنانەی لەناو کوردەواریدا هەڵدەکەون، منداڵەکانی وەک گوڵ بۆ بەخێوکردووی، وای پەروەردە کردوون، ڕێگەی باوکیان بگرن... لەم غەریبایەتی و نەخۆشییەشدا هەر بەڕاسەرتەوە بوو، ئەگەرچی لە دڵ و دەروونیدا دەسووتا، بەڵام خۆت ئاسا، بەو پەڕی ئازایەتی و هیممەتەوە ڕووبەڕووی ئەم کارەساتە وەستابوو...

دەبا ئەوانەی هاوبیری کاک ئازادن، دەبا ئەوانەی ئاشنا و برای گیانیی ئەون، یا ئەوانەی وەک مرۆڤ و کوردێکی هەڵکەوتووی ڕۆژگارەکەی ناسیویانە، با چراوگی بیر و یادی ئەو لە دڵدا خامۆش نەکەن... با هەر پیرۆز و نەمر بێ یادی کاکە ئازاد!